# بۆ مرۆڤ و هونەرمەندی هێژا ئازاد خانەقینی

## سەلام عەبدوڵلا

لە رۆژی جیهانی کرێکاراندا، رێك لە یەکی ئایار، لە کاتژمێری نزیك11ی نیوەڕۆ، لەو کاتە کە کرێکاران لە سانتیاگۆ، بەرلین، پاریس، لەندەن، جۆهانسبۆرگ، واشینتۆن و بانکوك بە هاوار و مشتی پۆلایین و مۆلۆتۆف کۆکتێل و ئاواز و لوولەی تفەنگ، لە دژی سەرمایەی جیهانی پرۆتێست دەکەن؛ کوڕە کرێکارێکی ئەلوەنزادە لە شەرکەتی پالاوتنی نەوت، رێگای سەفەرێکی نادیاری گرتەبەر.

لە قەراخی ئەلوەن کە دایکی گشت رووبار، دەریا و ئۆقیانۆسەکانە و سەرچاوەی گشت ناوە پیرۆزەکان و ئەهریمەن و ئەفسانەکانە، کوڕە کرێکارێك بەناوی ئازاد، وەك لاولاو بە دیواری ماڵە هەژارەکانی مەسفا، پاشاکۆپری، گەڕەکی کرێکاران و عەولا بەگ و جەلەوەو مەزرەعە و تێلخانە هەڵدەکشا و بەدەنگ سروودی: بەرابەری چینی کرێکار

ئەرۆین ئەبڕین رێگای تێکۆشان

ئالای سووری شۆرشمان هەڵئەگرین

تۆی ئازادی گەلان ئەچێنین....

کاکە ئازاد سروودی نەگوت لە پێناو دەسەلات و بیروباوەڕی بازاڕی ئازاد و پیاوە گەندەڵەکانی، ئەو دەیویست شێوەکانی چەوساندنەوە لەسەر رووی ژێردەستەکان بسڕێتەوە

پونگە ئاسا لە لێواری بالاجوو، سەوزایی و بۆن و جوانی دەبەخشی و بە دەنگە زولاڵەکەیەوە گۆرانی(خانەقینەگەم...خانەقینەگەم قیبلەی دینەگەم...شار سەرکزو چەو ئەسرینەگەم) دەچڕی

وەك سەلام نازە، هێمنی، تێڕامان و رێز وملیونان پرسیار، ئومید و چاوەڕوانی و کار بۆ ژیانێکی تر لێ دەباری.

برا خاس، ئاخر هێشتا زوو بوو و کاتی ماڵئاوایی نەبوو

ئێمە نیازمان وا پێکەوە سەنتەرێکی کتێبخانە و رۆژنامەکان دامەزرێنین؛ شارەکەمان پاکژبکەینەوە و داوا بکەین ماڵ بۆ زیندانییە سیاسییەکان درووست بکرێت؛ ئاهەنگێك لە کورنیش سازبکەین...

نیازمان وابوو لە رۆژی سەفەرە نادیارییەکەت، سەردانت بکەین!

ئاخر برا پەلەی چیت بوو؟ ئەی ئەو کەسەی وا هەمیشە لەگەلماندا دەبیت...بڕوانە، هەر ئێستا لەم شوێنە هەمووومان لەدەوری تۆی ئازیز کۆبوینەتەوەو کەسمان ئامادە نییە ماڵئاواییت لێ بکات...

ئەم کاتەت شاد و بەختەوەر....